# خەو نەتباتەوە



بەختیار کەریم

خەو نەتباتەوە کچی شیعرم
ئەم شەو گوێ لە ئومێدی ئەو چەند هەناسەیەم بگرە
کە لە هەڵوەرینم ڕزگارکردن
لە چاوی ئەو نیگا تاقانەیەم بڕوانە
کە بەتەنها لە مەیدانی جەنگی بێهودەیی گەڕایەوە
بەدیار هەڵبزڕکانی حەزێکمەوە دانیشە
کە تا نەمرێت لە جەستەم ناترازێت
خەونەتباتەوە حەبیبەم
شیعرێ بۆ شەوی تەنهاییم بنوسە
وەسفی تاریکی لە ڕۆشنایی کزی چاوانما بکە

بەرلەوەی باهۆزی مەرگ خامۆشی بکات
پێناسەیەک بە جەنگ بدە لەسەر ئەم
ئەتڵەسە خوێناوییەی ناوی نیشتیمانە
بەرلەوەی بخزێتە گوندێکی سوتماکەوە
خەونەتباتەوە باخچەم
چی ئەبێت گەر ئەم شەو
بەدیار کرانەوەی تەلیسمی ڕۆحی منەوە دانیشیت
بۆ ژانی لە دایکبوونی ئەستێرەیەکی خورافیم ئێشکبگریت
گوێ لە سەرگوزشتەی ئەو پاڵەوانێتیەم بگرێت کە هی من نیە
چی ئەبێت گەر ئەم شەو
پەپولەی ڕوانینت بەردەیتە نێو ئاسمانی وەڕسیمەوە

خەونەتباتەوە هەناسەم
ئەم شەو نیشتیمان لەسەر ئەتلەس دەترازێت
وڵات لە گۆڕەپانی شمشێربازەکاندا بەلادادێت
ئێمەش دەبینە لێبوکی دەستی جەنگاوەرە گەڕۆکەکان
بۆ ئەو هەموو خەونە کوژراوەش
ڕۆژنامەنووسێک خۆی فسقەڵ ناکات
و هاوارێک نابیستیت بەقەد هەڵوەرینی باخچەیەک لە گوڵ
خەونەتباتەوە ئەی شیرینتر لە خەونی پاش وێرانە
من لە خەوندا دەبمە جەنگاوەرێکی دڵڕەق
لەژێر قورسایی مەرگدۆستیمدا هەرەس دێنێت
من لە خەوندا لەو خوایانە دەکەم
کە باران تەنها بەسەر کێڵگەی تینوودا نابارێن
خەونەتباتەوە پەپولەکەم
گەر پێنوسەکەت لە توانایدا ماوە
لەدوا نامەدا بۆ جەنگ بنوسە
بێ خەم بجمێ هێشتا ئێوارەی مەرگە

پاییزی 2000